# پەرلەمان ! تكایە قسەیەك لەسەر ئەم بابەتە بكە

یەحیا عومەر ڕێشاوی
yreshawy@yahoo.com



ئەوەندەی نەماوە مۆبایل ببێتە بەشێك لەژیانمان ورەنگە لەمەودوا لەپاڵ پێداویستیە سەرەتاییەكانی مرۆڤ وەك: نان وئاو وكارەبا وسوتەمەنی باس لە ئامێری مۆبایل بكرێت ومرۆ ڤ بێ ئەو ئامێرە نەتوانێت بەئاسایی ژیانی ڕۆژانەی بەسەر بەرێت ...

لەفەرمانگەكاندا كارمەندی تایبەت بۆ پاراستنی مۆبایلەكان دانراون وجەستەی زۆربەمان بەشێكی بۆ زیاد بووە كە ئامێری مۆبایلە ،لەمزگەوت لەپاڵ ڕستەی (ریك راوەستن)ی مامۆستادا ڕستەی (رەحمەتتان لێ بێت مۆبایلەكانتان داخەن) زیادی كردووە ولە دەروازەی دەرگاكانیشدا لە پاڵ فەرموودەی چوونە ژوورەوە (تكایە مۆبایلەكەت داخە!!) ، لەزۆربەی ماڵاندا وەك لایتی ڕۆشن كەرەوەو ئامێری رادیۆ وتۆماركەری فلیم وگۆرانی وكات بەسەربردن...وهەندێ جاریش لەسەرە وەستانی بەنزین و نوێژی تەراویحدا تەنانەت وەك پەرتووكی قورئان بەكار هێنراوە!

بەكورتی مۆبایل بۆتە هاورێی گشتمان وبەردەوام عەودالی هەواڵ پرسینینی وهەمیشە كەشوێنیك بەجێ دیلێن لەگەڵ پەرۆشیمان بۆ بەجێ نەهێشتنی ئەندامێكی خێزانەكەمان..سۆراخی مۆبایلەكانیشمان دەكەین وبەدۆزینەوەی سوكاناییەكی دەروونیمان بۆ دێ ،ولەگەڵ ئەوەی بەردەوام گیرفانمان بەتاڵ دەكاتەوە كەچی هەر خۆشمان دەوێت وبۆتە جێ ژوانی عاشقان ،وهەشن لەبری هاندێك دوان وسیانیان لەگەڵە(كۆرەك ،اسیا ،سورەییا ...هتد) وخەریكە دوكانەكانی فرۆشتنی مۆبایل كێبكرێ لەگەڵ نانەواخانە ودوكانەكانی سەوزە ومیوە بكەن !

ئەم ئامێرە سیحریە بۆتە سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی خەیاڵی چەند كۆمپانیایەكی دیاریكراو وئێستە هەموومان كرێچییەكی موحتەرەمی ئەوانین ،ئەوانیش بێ ئەوەی رەحمێ بەگیرفانی كارمەند وخەڵكی بێ دەرامەت بكەن بۆخۆیان ولەئوتێلە 5 ئەستێرەییەكاندا نرخ دادەنێن وموزایەدە بەسەر ئەو دووفلسەوە دەكەن مانگانە من وتۆ وەری دەگرین ،لەكاتی گرێبەستەكانیشدا ئەوەندەی بیر لەپشكی هەریەكەیان دەكەنەوە ئەوەندە بەخەیاڵیاندا نایەت وپەرۆش نین بیرێكیش لە ئاستی بژێوی كەسانی ئاسایی بكەنەوە ،هەربۆیە كاتێ نرخی اسیا 8 سەنتە خێرا كۆرەك ئەیەوێت قەربووی 6 سەنتیەكەی بە 12 سەنتی قسەكردنی نێوان خۆی واسیا بكاتەوە ... خۆدیارە قازانج وبەشە كێكی سانا واسیاش لەم گرێبەستە بازرگانیەدا چەندە !

ئەوەی لەم نووسینەدا ئەمەوێت بیوروژێنم مەسەلەی بێ دەنگی پەرلەمانە لەئاست ئەم كۆمپانیانەدا ،وەك ئەوەی لەئەستێرەیەكی تردا كاربكەن، ئەوان بۆ خۆیان كرێ دادەنین وبۆ خۆیان گرێ بەست ئیمزا دەكەن وپەرلەمانیش كروكاس ، ئاخر كارمەندێك كە مووچەكەی تەنها 200 هەزار بێت لەكوێ دەتوانێ مانگانە لانی كەم 2 كارتی مۆبایل بكرێت وكرێ خانووش بدات وسەردانێكی عیادەی دكتۆریكی بەویژدانیش بكات !

ڕاستە بەرێزان ئێوە ئەو گرفتەتان نییە وحكومەتی هەرێم (كەبریارە ئێوە چاودیربن بەسەریەوە ) بژێوی ژیانی دابین كردوون ،بەڵام دڵنیابن كەسانێكی زۆر بەدەست كەم دەرامەتی ودژواری كرینی كارتی مۆبایلەوە دەناڵێنن ، جا دەكرێت ئێوەی بەرێز دانیشتنێكتان بۆ گرانی نرخی قسەكردنی مۆبایل تەرخان بكەن وفشارێك بخەنە سەر ئەو كۆمپانیانەی كە بە (نووكە)ی هاوڵاتیان ساختمانی 30 نهۆمی شوقەی 25 دەفتەری بەرز دەكەنەوە !!